کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 17:53 11-6-2007

بە ناوی کوردستانی گەورە.

soransa@hotmail. com
تاران – 2707/3/21

## تۆفیری باوکی تورک (ئاتاتورک) و باوکی کورد ... ح. س. سۆران

ناوی مستەفا کەماڵ پاشامان زۆر بیستوە، کە لە تورکیا (تورکستان)، نازناوی ئاتاتورکیان پێ داوە. ئاتاتورک بە مانای باوکی تورکە. قسەم ئەو نیە، کە بڵێم شوێنی سەرەکی ئاتاتورک، لە فەوتاندنی شوێنەواری دەستەڵاتی عوسمانی رزیو و لە ریشە دەرهێنانی ئیسلامی وشک دا، بۆ تورکیا قازانج و سوودی بوە یا نەبوە. دەمەوێ بە پێی رووداوە کان، هەڵسەنگاندنێک لە نێوان تۆفیرگەلی کەسایەتی باوکی تورک (ئاتاتورک) و باوکی کورد (مەلا مستەفا بارزانی) دا، ئەنجام بدەم، کە ریشەی لە بیچمی فەلسەفەی نەتەوەیی، یانی تۆفیری بەینی تورکوکڕاسی و کوردۆکڕاسی دایە.

ئەگەر کەس نەزانێ، ئێمە خۆمان باش دەزانین، کە باوکی تورک لە راستی دا، نەک تەنانەت هەر زڕباوکی کوردیش نەبوە، بەڵکە گەورەترین دژی کورد، کوردایەتی و وشەی کورد بوە. دەڵێن وتویەتی " لە وڵاتی تورکیا، بێجگە لە تورک هیچ نەتەوەیەکی دیکە نیە ". خۆی و شاگردەکانی ناوی کوردیان ناوە تورکی کێوی، زمان و فەرهەنگی کوردیان قەدەغە کردوە و تەنانەت، وتنی لەتە رستەی " من کوردم "، لە باروت قاچاغ تر بوە. نزیکەی 30 ساڵ پێش، کە ئەز لە شاری ئەستەمبووڵ بووم، تەنانەت فرۆشتنی شریتی گۆرانی کوردی قاچاغ بو. لەو شارە، سەیرانگایەک هەیە لە لێواری دەریا، پڕی بو لە کابارەی تورکی، شەو و رۆژ لیپاولیپ بو لە ئافرەتی سەڵیتە، کە گۆرانیان دەوت، هەڵدەپەڕین و...، - بە دیتنی ئەم شەرمەساتە، هۆنراوەکەی مامە شێخ رەزای خۆمانم بیر دەکەوتەوە، کە دەڵێ " چەپڵە بە (شت) لێ دەدەن و هەڵدەپەڕن، (هینیان) تابی تەب و کوورەیی حەددادی هەیە "، بەڵام گۆرانی و فەرهەنگی شاز، سەنگین و رەسەنی کوردی یاساغ (قەدەغە) بو. شەرماوی ترین کاری مستەفا کەماڵ و کەمالیستە کان ئەمەیە، کە تا ئێستا رەنگە بە هەزارن کوردیان کوشتوە، بەندیان کردوە، جەزرەبەیان داوە، دووریان خستوەتەوە... و ئەم کارە ئێستاش درێژەی هەیە. رەنگە، هەر لەم کاتەدا من ئەم بابەتە دەنووسم، عەلی گووپتێڕ (هێلیکۆپتێڕ) ە کانی تورکیا، خەریک بن دەڤەری ئامێد و... بۆمباران کەن!!!. دیسانەوە بچینە سەر قەولی مامە شێخ رەزا، کە دەڵێ " شێخ ئەوا جێی پدەری گرتەوە، کەشکەک سڵەوات ".

لەسەرەوە وەک مشتێک لە گشتێک، باسی هێندێک لە هەڵسوکەوتی مستەفا کەماڵ { باوکی تورک) و کەمالیستەکانم بۆ کردن. نووکە (ئێستا)، بڕێک لە خاڵە سەرەکیەکانی کەسایەتی سەرۆک مستەفا بارزانی (باوکی کورد) و بارزانیستەکانتان بۆ باس دەکەم:

قەت سەرۆک م. م. بارزانی یەک نەفەر تورکی نەکوشتوە، زمانی تورکی قەدەغە نەکردوە، تورکی تورکمانی بە کوردی دەشتەکی نەزانیوە، هێرشی نەبردوەتە سەر هیچ بەشێکی تورکیا، تورکێکی ئەشکەنجە نەداوە و تەنانەت لە گەڵ کەمایەتیە کانی دیکەی نێو کوردستانیش بە چەشنی زۆر دێمۆکڕاتی جووڵاوەتەوە، بۆ وێنە نەمر فڕانسوا حەریری کە ئاسۆری بو، لە نزیکترین کەسانی نزیک بە بارزانی بو. ئێستاش بارزانیستە کان، بە پێچەوانەی کەماڵیستە کان، لە هەرێمی ئازادی کوردستان، رێز دادەنێن بۆ زمان وفەرهەنگی تەواوی کەمایەتیەکان، کە یەکێک لەوانە تورکمانەکانن، بەرنامەی رادیۆ و تێلێڤیزیۆن، رۆژنامە، گۆڤار، خوێندنگە، کۆڕ و ناوەندی فەرهەنگیان هەیە و تەنانەت لە دۆزی رامیاری کوردستانێش دا، بە چەشنی بنەوشت بەشدارن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەمانە بوون برێک لە تۆفیرەکانی باوکی تورک و باوکی کورد، بۆیە هەر لەزووەوە وتویانە " باوک هەیە و باوکیش هەیە ".

تێبینی: ئەز لێرەدا، تەنیا مەبەستم لە کەماڵ و کەماڵیستە پۆست فاشیستە کانە، دەنا بە گشتی گەلی تورک بە جیرانی خۆشەویست و دۆستی نزیکی کورد دەزانم و رێزیان لێ دەگرم.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.